# ئەگەر سوێند بخۆی لە سەر شتێ دوای ببینی ئەو سوێندە زیانت پێ ئەگەیەنێ

لە عبد الرحمن کوڕی سمرة خوا لێی ڕازی بێت ئەفەرموێ : پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم پێی ووتم : ( واذا حلفت على يمين ، فرايت غيرها خيرا منها ، فات الذي هو خير ، وكفر عن يمينك ) متفق عليه واتە : ( وە ئەگەر سوێندت خوارد لە سەر شتێك ، دوای بینیت غەیری ئەو شتە خێری تێدایە ، ئەوە خەیرەکە بکە _سوێندەکەت بشکێنە_ ، وە کەفارەتی سوێندەکەت بدە ) .

وە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێت : ( من حلف على يمين ، فراى غيرها خيرا منها ، فليكفر عن يمينه ، وليفعل الذي هو خير ) رواه مسلم واتە : ( کەسێك سوێندی لە سەر شتێ خوارد ، وە بینی غەیری ئەو شتە چاکترە بۆی ، با کەفارەتی سوێندەکەی بدات ، وە ئەوە بکا کە بۆی چاکەو خێرە ) .

وە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێت : ( اني والله ان شاء الله لا احلف على يمين ، ثم ارى خيرا منها الا كفرت عن يميني ، واتيت الذي هو خير ) متفق عليه واتە : ( وە من والله ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت و بیەوێ _ان شاء الله_ سوێند ناخۆم لە سەر شتێ ، پاشان بۆم دەرکەوێ کە شکاندنی خێری تێدا بۆم و باشترە ئیللا کەفارەتی سوێندەکەم ئەدەم ، وە ئەوە ئەکەم چاکەو خێری تێدا بۆم ) .

**لەسوودەکانی ئەم فەرموودانە**

هەر کەسێ سوێند بخوا لە سەر هەر شتێ کە تاوان بێ ئەوە ئەبێ دەست بە جێ پەشیمان بێت و کەفارەتی سوێندەکەی بدات ، وە ئەگەر کەسێ سوێندی خوارد لەسەر شتێ دوای بۆی دەرکەوت سوێندەکەی زیانی هەیە بۆی با سوێندەکەی بشکێنێ و کەفارەتەکەی بدات ، با کەس وا نەزانێ ئەمە شتێ باش ئەکا لەو کاتانە بەردەوام بێ لەسەر سوێندەکەی نەخێر ئەوە شتێکی خراپە ، کەس پلەو پایەی لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم بەرز تر نیە ئەو سوێندی خواردووە بە خوا کە ئەگەر سوێندی خوارد و بۆی دەرکەوت شتێ باشترە سوێندەکەی

بشكێنیٚ ئەوە کەفارەتی سوێندەکەی ئەدات و سوێندەکەی ئەشکێنیٚ ، وە ئێمەش لە سەرمانەو خوا فەرمانی پیٚ کردوین بەوەی شوێنی پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم بکەوین ، چەند کەس ئەبینین بە داخەوە لە سەر تاوان سوێند ئەخوا وەك ئەوەی سوێند ئەخوا ئەلٚیٚ سەردانی ئەو خزمە ناکەم یان یارمەتی نادەم یان سەلامی لیٚ ناکەم وە شتی وا کە ئامۆژگاریشی بکەی ئەلٚیٚ سوێندم خواردووە ! دە ئەگەر ئەوەنە لە خوا ترسی بۆ سوێند بۆ تاوان ئەخۆی ئەگەر سوێندیشت خوارد دەی کەفارەتەکە بدەو پەشیمان بەرەوە ئەوە بۆت خێری تێداو لای خوا باشترە .

**کەفارەتی سوێند**

لە بەر ئەوەی زۆر کەس لەوە بیٚ ئاگایە کە کەفارەتی سوێند چیە یان بە هەلٚە لێی تێگەیشتون بۆ سوود وەرگرتن ان شاء الله باسی ئەکەین کە کەفارەتی سوێند شکاندن چیە :

خوای بەرز ئەفەرمویٚ : ﴿ لاَ يُؤَاخِذُكُمُ اللّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَـكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الأَيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاَثَةِ أَيَّامٍ ذَلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ وَاحْفَظُواْ أَيْمَانَكُمْ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾ المائدة 89 واتە ( خوا ناتانگریٚ بەو سوێندانەی بە سەر زارتان دا دێت و لە دلٚەوە نیەو مەبەستتان پیٚ سوێند نیە بەلاٚم بەو سوێندە ئەتانگریٚ کە بە مەبەستەو لە دلٚەوەیە تەئکیدن لە سەری جا ئەوە کەفارەتەکەی تێر کردن و نان دانی دە هەژارە لەو خواردنە مام ناوەندیەی کە ئەیدەنە مالٚو منالٚی خۆتان یان بەرگ پۆشینی دە هەژار یان ئازاد کردنی کۆیلەیەك ئەگەر کەسێك یەك لەم سیٚ شتەی دەست نەکەوت و نەیبوو ئەوە با سیٚ ڕۆژ بە ڕۆژوو بێت ئەوە کەفارەتی سوێندەکانتانە _ئەگەربیشکێنن_ وە سوێندی خۆتان بپارێزن ئاوا خوا ئایەتەکانی بۆتان ڕوون ئەکاتەوە بەلٚکو ئێوە سوپاس گوزاری و شوکری ئەو بکەن ) .

لەو ئایەتە خوای بەرز بۆمانی ڕوون کردۆتەوە کە کەفارەتی سوێند یەك لەم سێ شتانەیە کامەیان بکەیت ئەتوانی 1_ نان دانی دە هەژار 2_ یان بەرگ پۆشینی دە هەژار 3_ یان ئازاد کردنی کۆیلەیەك .

بەڵام ئەگەر کەسێك لەم سیانە هیچی بۆ نەکراو نەیبوو ئەوە ئەو کاتە ئەتوانی سێ ڕوژ بە ڕۆژوو بێت ، زۆر کەس هەن لێرە هەڵە تێگەیشتوون هەر وا ئەزانن کەفارەت بۆ سوێند ئەوەیە سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو بیت ! نەخێر ئەمە بۆ کەسێکە کە ئەم سێ شتەی نەبێ ئەو کات ئەگەر نەیبوو ئەتوانێ سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بێت .

وە لەو ئایەتە بۆمان دەر ئەکەوێ کە خوای بەرز بە ڕەحمی خۆی لێمان ئەبورێ لەوەی کە ئەو سوێندانەی بێ مەبەستن لە سەرمان نایژمێرێ و لێمان خۆش بووە ، ئەوەش هاتووە لە عائیشەی دایکی بڕواداران خوا لێی ڕازی بێت ئەفەرموێ : ( انزلت هذه الاية : ﴿ لاَ يُؤَاخِذُكُمُ اللّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ ﴾ في قول الرجل : لا والله ، وبلى والله ) رواه البخاري . واتە : ( ئەم ئایەتە ﴿ لاَ يُؤَاخِذُكُمُ اللّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ ﴾ لەسەر قسەی پیاوێ کە بڵێ نا والله ، وە با والله ) . سوپاس بۆ خوای گەورە کە لەسەری ئاسان کردوین یانی کەسێك کە بەسەر زاری دادێ ڕاهاتووە بڵێ بەخوا ئەبێ یان بەخوا نابێت ئەمە مادام مەبەستی سوێند نەبێ خوا لێمانی ناگرێ والله اعلم .

**باوکی حارث**